گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هۆکار و لێکەوتەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتی - توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە

**سعید محمدامین سعید**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Sahidhamadamin44@gmail.com

**پ.ی.د. عزالدین عبدالصمد رسول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Izaddin.rasool@su.edu.krd

**د. زانا احمد بیرداود**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
zana.perdawd@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٠/١/٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٠/٢/٢
بڵاوکردنەوە: بەهاری٢٠٢١

**ووشەکانی سەرەکییەکان**
Dropout, Students, Schools, Gender, Gender Identity

Doi: 10.25212/lfu.qzj.6.2.03

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا زانینی هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و لێکەوتەکانییەتی لەسەر قوتابی، خێزان و کۆمەڵگەدا. هەروەها گرێدانی بە جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی دەرخستنی ڕادەی جیاوازی و لێکچوونی هۆکار و لێکەوتەکان بەپێی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان _عێراقدا. لە توێژینەوەکە پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکردنەوەی لاوەکی (Secondary Analysis) بۆ خستنەڕووی داتای وەزارەتی پەروەردە و شیکردنەوەیان پەیوەست بە ئەو قوتابیانەی وازییان لە خوێندن هێناوە.
توێژینەوەکە گەیشت بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان: هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکی؛ یەکەمیان

هۆکارە کەسییەکان، وەک هۆکارە دەروونی، جەستەیی و ژیرییەکان.
دووەم هۆکارە دەرەکییەکان، وەک هۆکاری کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، خێزانیەکان و هۆکارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە.
داتاکان دەری دەخەن ساڵەکانی (2014 – 2017) کە دۆخی ئابووری کوردستان خراپ بووە لە کۆمەڵگەدا قەیرانی دارایی هەبووە، ژمارەی ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە بەرز بۆتەوە. هەروەها دەرکەوتووە ڕەگەزی نێر نزیکەی دوو هێندەی ڕەگەزی مێ وازیان لە خوێندن هێناوە.

## پێشەکی

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە یەکێک لە بایەخدارترین بوارەکانی گەشەسەندن و پەرەپێدانی کۆمەڵگە دادەنرێت لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی و ئابووریدا، چونکە پەروەردە بنەمایەکی گرنگی وەبەرهێنانە لە سەرمایەی کولتووری بەهەردوو ڕەهەندی ماددی و مەعنەوی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵیش، هەربۆیە هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەی نەخوێندەواری بەرز بێت و کەسانی پسپۆڕی کەم بێت، بناغەی توانا مرۆیی و ئابووریەکانی لاواز و بێهێز دەبێت.

بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانەی تایبەت بە وازهێنانی قوتابیان لە قۆناغی بنەڕەتی ئەنجامدراون بەو ئەنجامە گەیشتوون قوتابیانی دابڕاو خزاونەتە ناو کارکردنی تاقەتپڕوکێن کە لەگەڵ توانا جەستەییەکانیان نەگونجاوە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە ڕەگەزی نێرەوە(بن عسی، 2016: 246)، هەرچی ڕەگەزی مێیە زیاتر پەنایان بردووەتە بەر هاوسەرگیری پێشوەختە و لە تەمەنێکی زوو و بەر لە قۆناغی پێگەیشتوویی، پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە و بەهۆی پێنەگەیشتووی جەستەیی و کەسایەتی و هزرییان زۆرێکیان دووچاری هەرەسهێنان و جیابوونەوە بوونەتەوە( **Begu,** 2014: 21).

شوێنەوارە خراپەکانی تەواونەکردنی قۆناغەکانی خوێندن کاریگەری زۆرییان لەسەر قوتابی و خانەوادە و کۆمەڵگە هەیە، زۆربەی ئەوانەی مەترسی دابڕانیان لەسەرە بارودۆخی دەروونیان جێگیر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نابێت و دووچاری خەمۆکی دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شێوازی ژیانی خۆیان ڕازی نین، ئەوانەی قوتابخانەش جێدەهێڵن تەندروستی دەروونی و عەقڵییان خراپە و ئەگەری زۆریش هەیە کاری لادەرانە و تاوان ئەنجام بدەن(Rumberger,2001) سەرەڕای ئەوەش، زۆرێکیان بەرەو ئەندامبوون لە گرووپە مافیاکان و بەکارهێنانی مادده کحولی و هۆشبەرەکان دەڕۆن، ئەگەری لادان و تاوانکارییان زیاتر دەبێت(**Blakemore & Low**، 1984).

لە هەرێمی کوردستانیش ئەم دیاردەیە بەرێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینیکراوە وەک پرسێکی جددی کە لێکەوتەی هەمەجۆری خراپی لێدەکەوێتەوە، کاری زانستی زۆری لەسەرنەکراوە. بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە یەک ساڵی خوێندن(2016 – 2017) ئەو قوتابیانەی وازییان لە خوێندن هێناوە ژمارەیان گەیشتۆتە (34.857) کەس لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، لەم ژمارەیەش کوڕان (22.578) قوتابی و کچانیش (12.279) قوتابی. هەروەها بە گشتی لە ماوەی پێنج ساڵدا (2012 تاکو 2017) ژمارەی ئەوانەی وازیان لە خوێندن هێناوە گەیشتۆتە (155.059) قوتابی(وەزارەتی پەروەردە: 2017). بەپێی ئەم ژمارانە بێت دیاردەکە لێرەش بەرچاوە و پێویستە لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی بکۆڵرێتەوە. لە ڕوانگەی ئێمە وازهێنان لەخوێندن چەندین کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە و کێشەی جۆراوجۆری دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەجۆرێک کاریگەرییەکە تەنها لەسەر قوتابییەکە نابێت، بەڵکو ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ سەر خێزان و شار و وڵاتەکەش بە گشتی، بۆیە **کێشەی توێژینەوەکەمان** لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە دەخەینەڕوو:

1. هۆکار و وازهێنان لەخوێندن چین؟
2. لێکەوتەکانی وازهێنان لە خوێندن چین؟
3. قەبارەی وازهێنان لە خوێندن لە ماوەی بیست ساڵی خوێندن لەهەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدا بووە؟

4. زانینی کاریگەری قەیرانە سیاسیی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە دەبن بە **ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان،** بەمشێوەیەی خوارەوە:

1. زانینی گرنگترین هۆکارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە و هۆکارە کەسی، خێزانی، ئابووریی و کەمەڵایەتییەکانی وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن.
2. زانینی لێکەوتەکانی وازهێنان لە خوێندن لەسەر قوتابی و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی.
3. دەرخستنی قەبارەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان بیست ساڵی خوێندن.
4. دەرخستنی ڕادەی کاریگەری قەیرانە سیاسیی و ئابوورییەکان لەسەر بەرز بوونەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن.

پەیوەست **بە گرنگی توێژینەوە،** لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1. پرسی وازهێنان لە خوێندن پەیوەستە بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆر و لەهەمانکاتدا لێکەوتەی زۆر لەسەر قوتابییەکە و خێزانەکەیی و تەواوی کۆمەڵگەش جێدەهێڵێت، هەربۆیە جێی بایەخە بەشێوەیەکی زانستی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش زانستی کۆمەڵناسی بەتایبەتی لقی کۆمەڵناسی پەروەردەیی گونجاوترین زانستە کە لە ڕێگەیەوە توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ ئەم پرسە ئەنجام بدات، لە کاتێکدا دوای بەدواداچوونێکی زۆر دەرکەوت تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە.
2. ئەم توێژینەوەیە بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دەرفەتێکی باشە و گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە دیاردەکە تێبگەن و کاریگەرییەکەی بزانن، ئینجا لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ چەندین ڕێنمایی و بڕیار دەربکرێن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکە و ڕەخساندنەوەی دەرفەتی خوێندن بۆ ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## یەکەم: پێناسەکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### 1 . وازهێنان لە خوێندن (Dropout)

وازهێنان لە خوێندن لە هەندێ ڕەفتاری دیکەی وەکو ئامادەنەبوون لە وانەیەک یا نەچوونی پچڕپچڕ جیاوازە، بەوەی کاتی نییە و وازهێنانی بەردەوامە لە پڕۆسەی پەروەردەدا، "دابڕانی تەواوە لە پڕۆسەی پەروەردە پێش قۆناغی کۆتایی، حالەتەکانی وەک هەڵاتن لە قوتابخانە بۆ چەند ڕۆژ و هەفتەیەک و گواستنەوەی ناگرێتەوە"(فهمي، 1971: 2).

لەهەمان کاتدا وازهێنان لە قوتابخانە، بەر لە قۆناغێکی دیاریکراو، یاخود پێش کۆتاییهێنان بە سەرجەم پۆلەکانی خوێندن دەگرێتەوە(علی، 1979: 175). واتا کردەیەکە قوتابی زۆرجار بەدەر لە ویستی خۆی و لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی، دەروونی یان ئابووری دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت، چونکە خێزانی قوتابی وا بیر دەکاتەوە کە دەستکەوتی ماددی و داهات پێویستترە لە خوێندن، لەکاتێکدا هەندێکجار ئاراستەی بیرکردنەوەی قوتابییەکە خۆی دەگات بەوەی کە ژینگەی قوتابخانە ناتوانێت پێداویستییە دەروونی و ڕەفتارییەکانی بۆ دابین بکات، بە پێچەوانەوە هەست دەکات ژینگەی دەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن دەتوانێت ئەو پێداویستیانەی بۆ دەستەبەر بکات(**Crestea**, 2000: 25).

وازهێنان لە خوێندن ئاماژەیە بۆ ئەو قوتابییەی کە لە خوێندن دەگەڕێتەوە و وازدەهێنێت، لە خولێک یاخود ساڵێکی خوێندنی دیاریکراودا(**Seka**,2012: 11,**and Mudemb**, 2010: 12).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە چەمکی وازهێنان لە خوێندن بریتییە لە: دابڕانی قوتابییان لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی بە شێوەی کاتی یان تەواو لە پڕۆسەی خوێندن لە شاری هەولێر، لەژێر کاریگەری هۆکارە جۆراوجۆرەکان، قوتابی بە ویستی خۆی یان بە فشاری دەرەکی و خێزانی بەر لەوەی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی ببڕێت، واز لەخوێندن دەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2 . قوتابی (Student)

مەبەست لە قوتابی ئەو تاکانەن کە لە تەمەنێکی دیاریکراو بەشداری لە پرۆسەی پەروەردەی فەرمیدا دەکەن، لەرێگەی سیستەمی پەروەردە و دامەزراوەی قوتابخانەوە پێداویستیی و خەسڵەتە کەسیی و ئاکارییەکانی دەکرێنە ئامانج، بەهۆی پرۆگرامەکانەوە هێزی مرۆیی کاری لەسەر دەکرێت، پرۆسەی پەروەردە و قوتابخانە بەبێ قوتابی ناسەلمێندرێن (حمدان: 2001: 14).

مەبەست لە قوتابی لەم توێژینەوەیەدا ئەو کەسانەن کە لە قوتابخانە بنەرەتیەکان بەشداری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەکەن، کە بازنەی یەکەمی خوێندنە و پێی دەگوترێت قۆناغی بنەرەتی ئەمەش پۆلەکانی (1 - 9) دەگرێتەوە.

### 3 . قوتابخانە (School)

قوتابخانە دوای قۆناغی منداڵی پێشوەختە و سەرەتای قۆناغی منداڵی دەستپێدەکات، منداڵ لە کۆمەڵگە بچووکەکەی خێزان و خزم دێتەدەر بۆ کۆمەڵگەی قوتابخانە ئەم گواستنەوەیەش گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی دروست دەکات لە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەو ژینگە نوێیە فراوانەدا کۆمەڵێک پەیوەندی دەبەستێت و فێری یاسا و رێساکانیش دەبێت(السامالوطی، 1980: 108). قوتابخانە ئەو دامەزراوە گرنگەیە کە کۆمەڵگەکان بۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی ئەندامانی بونیادیان ناوە، دامەزراوەیەکی کاریگەرە لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەهاوبەشی لەگەڵ خێزان، منداڵ پێدەگەیەنن(ناصر، 1989: 171).

وەک دەزگایەکی فێرکاری دەتوانین بڵێین قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فێرکارییە، کۆمەڵگە بە مەبەستی دەستەبەر و وەدیهێنانی چەند پێداویستییەکی سەرەکی دایهێناوە، ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکانە و پەروەردەکردنیانە بەرەو چاکەخوازی و بونیادنانی توانا و شارەزایی زانستی، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگەی قوتابخانە دەرفەتێکی باشە بۆ دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندیە هەمە جۆر و

ئاڵۆزەکان، کە هێزێکی کۆمەڵایەتی وا بە قوتابیان دەبەخشێت بتوانێت ڕوو بە ڕووی ئاڵنگاریەکانی ژیان ببنەوە(ابو جلالة، 2001: 104).

لە پەروەردەی هاوچەرخدا، قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی پەروەردەییە، کۆمەڵگە بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەی نوێ و پەروەردەکردنیان بونیادی ناوە، لەڕێیەوە ئەندامان بە کولتووری کۆمەڵگەکانیان دەبەسترێنەوە و بەهۆیەوە ئاشنا دەکرێن بە مێژوو و بارودۆخ و واقیعی کۆمەڵگە و دەوروبەریان. مەبەستیش لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی پەروەردەیی، ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی مەبەستداری شێوەگرتووە؛ بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردە لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵگەدا، لە پێناو بەهێزی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئامادەکردنی کەسایەتی پسپۆڕی گەنجان و پێگەیشتووان(محمد، 2017: 141).

مەبەست لە قوتابخانە لەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە پەروەردەییە فێرکاریەی کە دوای قۆناغی باخچەی منداڵان دەستپێ دەکات، کۆمەڵێک ئەرکی پێگەیاندن و زانستی تێدا جێبەجێ دەکرێت و کولتووری کۆمەڵگە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، دوای تەواوکردنیشی قوتابی بەچوونی بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان پسپۆڕییەک بەدەستدەهێنێت.

## 4 . جۆری کۆمەڵایەتی(Gender)

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیانەی لەلایەن خێزان، کۆمەڵگە و کولتوور بۆ ژن و پیاو دیاریدەکرێن. هەروەها چاوەڕوانی لەبارەی تایبەتمەندیەکان، ئامادەباشیەکان و ڕەفتارەکانی ژن و پیاو(مێیینە و نێرینە) دەگرێتەوە. سیمۆن دیبۆڤوار لە پەرتووکەکەی ڕەگەزی دووەم، پێی وایە کە هیچ ژنێک لە دایک نابێت بەڵکو دەکرێت بە ژن (**De.Beauvoir,** 2010: 597) ئەم دەقەی دی بوڤوار جیاوازی دانانە لە نێوان ڕەگەز و جۆری کۆمەڵایەتی، ئەو پێی وایە جێندەر یەکێکە لە لایەنەکانی ناسنامەمان، بەشێوەی پلە بە پلە لە کۆمەڵگەوە وەریدەگرین، لێرەوە جۆری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو لایەنە کولتوورییەی جەستەمان وەریدەگرێت و پێی دەدرێت، هەروەها گۆڕانی ئەو شێوازانەی لە دەرئەنجامی خۆگونجاندنی کولتووری دێنەکایەوە(باتلر، 2016: 14).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی، سەرجەم ئەو قوتابییە نێر و مێیانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی پەروەردە و قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر دابڕاون، بە کاتی یان بە یەکجاری وازیان لە خوێندن هێناوە، لە ژێر کاریگەری ئەو پێدراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی ئەرک و ماف و ڕەفتارەکان بۆ هەردوو ڕەگەز دیاری دەکەن.

### 5 . ناسنامەی جێندەری (Gender Identity)

ناسنامەی جێندەری ئاماژەیە بۆ پۆلێنکردنی خودی خۆمان و دەروبەرمان وەک نێر یان مێ، کچ یان کوڕ. هەروەها تێگەیشتنی تاکە بۆ ئەو توێژە جێندەرییەی بۆی دەگەڕێتەوە، ئەمەش ڕەهەندێکی گرنگە لە گەشەپێدانی خودی. ئەو مانایەی ناسنامەی جێندەری هەڵیدەگرێت کاریگەرییەکی قوڵی هەیە بە ئەو ژینگە کولتوورییەی تاک تێیدا گەورە دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا **(Papalia and Olds, 1998)**.

### دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### 1 . توێژینەوەی (الربيعي، ماجد زيدان 2006)

**بەناونیشانی:( دیاردەی کەوتن و وازهێنان لە خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی، هۆکارەکان و ڕەنگدانەوە و چارەسەرییەکان )**

ئەم توێژینەوەیە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (یونیسێف)ـی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە عێراق ئەنجامدراوە. ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1. دەرخستنی ژمارە و ڕێژەی ئەو قوتابیانەی لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق وازیان لە خوێندن هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. زانینی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکاندا.
3. هەروەها زانینی هۆکارەکانی پشت دیاردەی وازهێنان لە خوێندن.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوییەوە ئەنجامدراوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە توێژینەوەکە، پەنا بردراوە بۆ داتای دەستی دوو کە بریتیین لە ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا سوود لە پرسیارنامە وەرگیراوە بۆ زانینی هۆکارەکانی پشت دیاردەکە.

توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێکی گرنگ کە بریتیین لە:

1. ڕێژەی لە (86%)ـی ئەو منداڵانەی تەمەنیان دەگات بە تەمەنی خوێندن پەیوەندی دەکەن بە قوتابخانە و دەچنە بەر خوێندن، لەگەڵ ئەوەشدا (600) هەزار منداڵ نەچوونەتە قوتابخانە لە تەمەنی دیاریکراودا.
2. ڕێژەی لە (21%)ـی کچان لەتەمەنی یاسایی نەچوونەتە قوتابخانە.
3. ڕێژەی لە (24%)ـی قوتابیان بەر لەوەی قۆناغی ئیلزامی بۆ خوێندن تەواو بکەن وازیان لە خوێندن هێناوە.
4. توێژینەوەکە گەیشتووە بەوەی کە ڕێژەی لە (31%)ـی کچان لە ناو شارەکان و لە (51%)ـیشیان لە گوندەکان وازیان لە خوێندن هێناوە.
5. قورسی پرۆگرامەکانی خوێندن، نەگونجانی لەگەڵ تەمەنی قوتابیان.
6. کەمتوانایی مامۆستاکان لە دروستکردنی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ قوتابیان.
7. بێکاری بەخێوکارانی قوتابیان، هاندانی منداڵەکانیان بۆ کارکردن لە پێناوی سوککردنی باری قورسی ژیان لەسەر خانەوادە.
8. کەمتوانایی دارایی خانەوادەی قوتابیان کە نەیانتوانیوە تێچووی خوێندنی منداڵەکانیان بگرنە ئەستۆ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


**2 . توێژینەوەی (الياسري، د.عبد زيد 2010)**

**بە ناونیشانی:( دیاردەی کەوتن و وازهێنان لە خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا و ڕۆڵی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە سنوور دانان بۆی)**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1. زانینی واقیعی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن.
2. دەرخستنی هۆکارەکانی دیاردەکە و لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکانی.
3. زانینی ئەو هەوڵانەی لایەنی پەیوەندیدار پێشکەشیان کردووە بۆ پێشگیری و چارەسەرکردنی دیاردەکە.

ئەم توێژینەوەیە وەسفی شیکارییە ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە. هەروەها پشتی بەستووە بە داتاکانی وەزارەتی پەروەردە و ئەو بەڵگەنامانەی تایبەت بەم پرسە دەستی کەوتوون، سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندن لە عێراق هەتا ساڵی خوێندنی 2005 – 2006.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1 . لاوازی گرنگیدانی خانەوادەکان لە بەدواداچوون و چاودێریکردنی منداڵەکانیان، بەهۆی هەژاری و خراپی دۆخی ئابووریان منداڵەکان دەخەنە بەر کارکردن، لەژێر کاریگەری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کچانیان زوو بەشوو دەدەن بەتایبەت لە لادێکان.

2 . لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە خوێندنی زۆرەملێ (ئیلزامی)، لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسای چاودێری منداڵان بۆ ڕێگریکردن لە کارپێکردنی منداڵان.

3 . لاوازی ئاستی هەندێ لە قوتابیان و کەوتنی زۆر، هەروەها زۆری ڕێژەی نەهاتنیان بۆ قوتابخانە.

4 . لاوازی ئاستی هەندێ لە مامۆستاکان و پەیوەندی خراپیان لەگەڵ قوتابیان، دوو دەوامی و ژمارەی زۆری قوتابیان لە پۆلدا، قورسی پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن، بەکارهێنانی سزای جەستەیی و دەروونی قوتابیان لەلایەن مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. کێشە خێزانییەکانی وەک هەڵوەشانەوە و جیابوونەوە، لاوازی پەیوەندی نێوان خانەوادە و قوتابخانە، نەخۆشکەوتن و لاوازی چاودێری تەندروستی لە قوتابخانەکاندا، لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری خانەوادەکان سەبارەت بە گرنگی خوێندنی منداڵەکانیان.

**3. توێژینەوەی (حاج احمد، عادل علي صديق: 2013)**

**(هۆکارەکانی وازهێنانی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندن – توێژینەوەیەکی بەراوردی لە نێوان شاری شندی و ڕیفی باشوور - اسباب التسرب الدراسي لتلاميذ مرحلة التعليم الاساسي، دراسة مقارنة بين مدينة شندي والريف الجنوبي)**

ئەم توێژینەوەیە لە شاری شندی باشووری سودان ئەنجامدراوە و ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1. زانینی هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن لە نێوان قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە شاری شندی بەراورد بە ڕیفی باشوور.
2. زانینی قەبارەی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە شاری شندی، ئاشکراکردنی بەرزبوونەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن بەپێی قۆناغەکانی خوێندن.
3. بەراوردکردنی ڕێژەی وازهێنان لە قوتابخانەکانی شاری شندی بە ڕیفی باشوور.

توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی (810) مامۆستا بووە و نموونەکەشی کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە پێکهاتووە لە (120) مامۆستا. هەروەها ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریشی برتییە لە پرسیارنامە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەرخستووە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی:

1. هۆکارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە.
2. هۆکارە ئابوورییەکان، وەک و هەژاری و کەم دەرامەتی و نەتوانینی دەستەبەرکردنی پێداویستی قوتابییەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو: ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و لادان.
4. هۆکارە تەندروستییەکانیش وەکو: کەمئەندامی و نەخۆشی درێژخایەن.
5. ژمارەی قوتابیانی نێر زیاتر وازیان لە خوێندن هێناوە بەراورد بە قوتابیان لە ڕەگەزی مێ.
6. دەرکەوتووە کە وازهێنان لە خوێندن لە هەردوو ڕەگەز لە بازنەی سێیەم زیاترە لە قۆناغەکانیتر.
7. وازهێنان لە خوێندن لە شاری شندی مامناوەندە، لە کاتێکدا هەمان دیاردە لە ڕیفی باشوور ڕێژەکەی زۆر زیاترە.

**4. توێژینەوەی مودیمب (Mudemb, Eric Vincent)، (2013)**

**بەناونیشانی (هۆکارەکانی وازهێنانی کچان و کوڕان لە خوێندن لە قوتابخانە ئامادەییەکانی یوگینیا لە وڵاتی کینیا)**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1. زانین و بەراوردکرنی هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن لە نێوان ڕەگەزی مێ و نێردا، لە قوتابخانە ئامادەییە حکومییەکانی شاری یوگینیا.
2. زانینی کاریگەری جۆری کۆمەڵایەتی لەسەر وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن لە شاری یوگینیا.
3. خستنەڕوو و پێشنیازکردنی ڕێگای گونجاو بۆ ئەوەی قوتابیان دوورکەونەوە لە وازهێنانیان لە خوێندن.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەستووە بە هەردوو میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی بە نموونە و میتۆدی بەراوردکاری، هەروەها پەیوەست بە کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوە (25) قوتابخانەیە و نموونەکەشی لە (10) قوتابخانە پێکهاتووە. جۆری نموونەکەی هەڕەمەکی چینایەتی بووە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەریەکە لە چاوپێکەوتن و پرسیارنامەی بەکارهێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1. گۆڕاوی جۆری کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆر و بەرچاوی هەبووە لەسەر وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن، لەم چوارچێوەیەدا ڕێژەی (72%)ـی ڕەگەزی مێ بەهۆی دووگیانبوونەوە و وە لە (14%)ـشیان بەهۆی چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە وازیان لە خوێندن هێناوە.
2. سەبارەت بە ڕەگەزی نێر لە(30%)ـیان بەهۆی کاریگەری هۆکاری ئابووری و هەژاری قوتابخانەیان جێهێشتووە.
3. قوتابیان لە ڕەگەزی مێ لە (10%)ـیان لەژێر کاریگەری هۆکاری ئابووری وازیان لە خوێندن هێناوە.
4. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری خانەوادەکانیان هۆکاری وازهێنانی ڕەگەزی مێ بوونە بە ڕێژەی لە (20%)، بەڵام ڕەگەزی نێر تەنها بەڕێژەی لە (10%)ـەی ئەم ڕەهەندە قوتابخانەیان جێهێشتووە.
5. بەشێک لە ڕەگەزی نێر بەهۆی پەنابردن بۆ مادده هۆشبەرەکان وازیان لە خوێندن هێناوە.
6. ئەنجامێکیتری توێژینەوەکە دەری دەخات کە نیوەی قوتابیانی ڕەگەزی نێر و دوو لەسەر سێی قوتابیانی ڕەگەزی مێ یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەکانیان وازیان لە خوێندن هێناوە.

**5. توێژینەوەی ئیدۆنا بیگۆ (Edona Bego) (2014)**

بە ناونیشانی (وازهێنانی کچان لە خوێندن: لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی وەک بەربەستی بەردەوام بوون لە)

ئامانجەکانی تویژینەوەکە بریتیین لە:

1. زانینی جیاوازی ڕەگەزی لە پەیوەندی بە وازهێنانی کچان لە خویندن لە کۆسۆڤۆ.
2. هەوڵدان بۆ بەراوردکردنی جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز بۆ زانینی ئەوەی کامە ڕەگەز زیاتر واز لە خوێندن دەهێنن.
3. ئاشنابوون بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان و کاریگەرییان لەسەر وازهێنان لە خویندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. زانینی کاریگەری کارکردن لەسەر وازهێنان لە خویندن.

میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە ڕوویێوی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای نموونە، نموونەی مەبەستداری بەکارهێناوە.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بریتیین لە پرسیارنامە و چاوپێکەوتن، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و داتاکانی پشتی بەستووە بە ئامار و زانیارییەکانی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیی بووە لە قوتابیانی پۆلەکانی 1 تاکو 12، نموونەی توێژینەوەکەشی ئەو قوتابیانەن کە لە ساڵەکانی 2007 -2011 وازیان لە خوێندن هێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە:

1. جیاوازی ڕەگەزی کاریگەری هەبووە لەسەر وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن.
2. گەیشتووە بەوەی کە ژمارەی وازهێنانی قوتابیانی ڕەگەزی نێر زیاترە بە بەراورد بە رەگەزی مێ.

## سێیەم: هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و لێکەوتەکانی

دیاردەی وازهێنان لە خوێندن چەندین هۆکاری جۆراوجۆری لە پشتە و لێکەوتەی جۆراوجۆریشی لێدەکەوێتەوە، لەم باسەدا هۆکارەکان و لێکەوتەکانی دیاردەکە لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە دەخرێنەڕوو.

**أ. هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن:**

تاک هەر کردە و ڕەفتارێک دەیکات یان بڕیارێک دەیدات لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک کارتێکەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەوەیە، بۆیە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە قوتابخانە و پرسی پەروەردە ئەنجامدراون دەریانخستووە وازهێنان لە خوێندن دیاردەیەکی ئاڵۆزە و بەرئەنجامی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرە، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کولتووری، دەروونی،

سیاسی و ئابووری(**Mau**, 1995: 523) لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارە کەسی و دەرەکییانە باس دەکەین:

**هۆکارە کەسیـەکان**: مەبەست لە هۆکارە کەسییەکان سەرجەم ئەو هۆکارانەن کە پەیوەستن بە خودی قوتابی پەیوەست بە بڕیاری وازهێنان لە خوێندن، وەکو:

**1 . هۆکارە دەروونییەکان:** هۆکارە دەروونییەکان کاریگەری زۆریان لەسەر ئاست و توانستی زانستی قوتابیان هەیە، لێرەشدا گرنگترین شت کە پێویستی بە باسکردن بێت تەندروستی دەروونییە، چونکە زۆرینەی قوتابیان ناتوانن بەبێ بوونی دەروون_دروستی سەرکەوتن بەدەستبهێنن(زهران، 1988: 18).

دەروون_دروستی بە بارێکی دەروونی بەردەوامی ڕێژەیی پێناسە دەکرێت، کە دۆخی دەروونی، کەسایەتی، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە دڵخۆشی لەگەڵ خۆی و دەرووبەری دەگرێتەوە و بە بنەما گرنگەکانی دەروونددروستیش دادەنرێن. هەروەها توانای خۆسەلماندن و وەبەرهێنان لە توانا و لێهاتووییەکانی، هەروەها ڕەفتار و بڕیارەکانیشی دەگرێتەوە(زهران، 1988: 23). دەتوانین بڵێین ترس و دڵەڕاوکێ بە هۆکارە کاریگەرەکان دادەنرێن لەسەر دەستکەوتی قوتابی(مەبەست لە دەستکەوت، بریتییە لە بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و تەواوکردنی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو)، زۆرێک لە قوتابیان ناتوانن بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە بگونجێنن، ئەمەش لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ دواکەوتن و وازهێنان لە خوێندن(ابوصايمة، 1995: 129).

لێرەدا دەردەکەوێت ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی قوتابیان لە قوتابخانەدا کاریگەری ئەرێنی زۆری هەیە لەسەر بەردەوامیی لە خوێندن و تەواوکردنی، بۆیە هەرکاتێک قوتابی هەست بە ئاساییشی دەروونی و ئارامی نەکات حەزی خوێندنی لەلا کاڵ دەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ بێزاری و وازهێنان لە خوێندن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2 . هۆکارە جەستەییەکان**: هۆکارەکانی پەیوەست بە لایەنی تەندروستی جەستەیی بە هۆکارە زۆر کاریگەرەکان دادەنرێن لەسەر دەستکەوت و بەردەوامیدان بە خوێندن لەلایەن قوتابیانەوە، لە کاتی بوونی یان دەرکەوتنی نیشانەکانی یەکێک لە نەخۆشییەکان شوێنەواری قووڵ لەسەر کەسایەتی و دەروونی قوتابییەکە جێدەهێڵێ، نەخۆشیەکانی وەکو کێشەکانی گەشەی جەستەیی، لاوازی بونیادی جەستەیی، نەخۆشییە درێژخایەنەکان، ئەم نەخۆشی و نیشانە و گرفتانە، هۆکاری چەندین کێشەی خوێندنی وەکو دواکەوتن و نەچوون و وازهێنان لە خوێندنن(الغریب، 1998: 166). دەرکەوتووە هەندێ باری تەندروستی وەک لاوازی بینین و بیستن و قسەکردن، کەم ئەندامی جەستەیی، بەربەست دەخەنە بەردەم قوتابی و کاریگەری دەبێت لە بەردەوامیدان بە خوێندن و سەرکەوتنی لە پرۆسەکەدا(پیتر، 2002: 29 و الخلیفة، 1989: 44).

**3 . هۆکارە ئەقڵییەکان:** ناتەواوی یان گرفتەکانی پەیوەست بە لایەنی عەقڵی قوتابیان، هۆکارێکی دیکەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر کەوتن و دواکەوتن و وازهێنان لە خوێندن. ئەو قوتابیانەی توانا ئەقڵییەکانیان باشترە خێراتر و زیاتر دەتوانن سەرکەوتوو بن و کەمتر دووچاری دابڕان لە خوێندن دەبنەوە بە بەراورد بەو قوتابیانەی کە ئاستی ئەقڵیان لاواز و کێشەدارە(الغریب، 1998: 15). پشتڕاست کراوەتەوە ئەو قوتابیانەی توانستی بیری و زیرەکیان لاوازە، کە پەیوەستە بە لایەنی ئەقڵیەوە، ناتوانن خوێندنەکەیان بە رێکی و باشی بکەن، بۆیە زۆربەی جار هەست بە هەرەس و دارمانی دەروونی دەکەن، بەهۆی شەرمەزاربوونیان لەلایەن مامۆستا و هاوپۆلەکانیان (عبداللطیف، 1990: 147).

**هۆکارە دەرەکییەکان:** مەبەست لە هۆکارە دەرەکییەکان سەرجەم ئەو هۆکارانەن کە لەدەرەوەی خودی قوتابی بەسەریدا دەسەپێندرێن و بەبێ بڕیاری خۆی دەبنەهۆی وازهێنانی لە خوێندن، لە گرنگترینیشیان:

**1 . هۆکارە خێزانیەکان:** خێزان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەسەر دەستکەوتی منداڵەکانی بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، خێزانی ناجێگیر و کێشەدار زۆرجار هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوەی منداڵ لە خوێندن(الدائم، 1983: 507).

لە گرنگترین هۆکارە خێزانیەکانی پەیوەست بە وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن ئەمانەن:

a. هەڵوەشانەوەی خێزان، خێزانی کێشەدار و لێکترازاو کاریگەری خراپ جێدەهێڵێت لەسەر دەروونی منداڵ، لە هەمانکاتدا توانای چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی خوێندنی منداڵەکانیان لەدەست دەدەن، ئەمەش ڕەنگە سەربکێشێت بۆ دەرنەچوون و وازهێنانی منداڵەکە لە خوێندن.

b. خراپی بارودۆخی ئابووری _ هەژاری، لەسەردەمی ئێستادا تێچووی خوێندن و دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن زیادی کردووە و کاتێک خێزان ناتوانێت ئەم پێداویستیانە بۆ منداڵەکانی دابین بکات، ئەوا قوتابی لە خوێندنی سارد دەبێتەوە و لە دەرئەنجام دەبێتەهۆی وازهێنان لە خوێندن.

c. نەخوێندەواری یان کەم بایەخی خوێندن و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری خانەوادە.

d. قەبارەی خێزان، زۆری ژمارەی منداڵ هەم لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان کەموکوڕی دەبێت، سەرەڕای ئەوەش چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی خوێندنیان زەحمەت دەبێت.

e. کەمی چاودێری و بەدواداچوونی خێزان.

f. سروشتی شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان، دووری شوێنی نیشتەجێبوون لە قوتابخانە.

g. شێوازی نادروستی پەروەردەکردن، پەنا بردن بۆ لێدان و سەرزەنشتکردنی زۆر حەز و خولیای قوتابی بۆ خوێندن لاواز دەکات.

h. داب و نەریت، هەندێ کولتوور هەڵگری چەند داب و نەریتێکن کە دەبنەهۆکاری ئەوەی خوێندن بە گرنگ دانەنێن، یاخود جیاکاری بکەن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ.

i. ناجێگیری خێزان شوێنگۆڕینی زۆر، لەگەڵ هەر جێگۆڕکێیەک قوتابی هاوڕێ و هاوپۆلەکانی لەدەست دەدات و شێوازی مامۆستاکانی لە مامەڵەکردن و وانەگوتنەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت(الناصر، 2014: 29)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2 . هۆکارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە:** قوتابخانە بە دامەزراوەی دووەم دادەنرێت دوای خێزان بۆ پێگەیاندن و بونیادنانی کەسایەتی منداڵ لەڕووی پەروەردەیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی، لەڕێگەی ئەو زانست و زانیاریی و شارەزاییانەی پێشکەشی دەکات لە هەردوو لایەنی پەروەردەیی و زانستی. بۆیە کاریگەری پێکهێنەرەکانی ناو سیستەمی پەروەردە و خودی قوتابخانە ڕۆڵێکی زۆریان هەیە لە وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن (قريشي، 2013: 72).

لەبەر ئەوەی یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی قوتابخانە هەڵستانە بە هەردوو لایەنی پەروەردە و فێرکردن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە دوارۆژدا تاکێکی چاکەکاری لێدەربچێت و توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا، بەڵام ئەگەر قوتابخانە نەیتوانی بەم ڕۆڵەی هەڵبستێت، زۆرجار تاکەکانی لەگەڵ دابڕانیان لە خوێندن سەردەکێشن بۆ لادان و تاوان (الوريكات، 2009: 245).

لە گرنگترین هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن پەیوەست بە قوتابخانە بریتیین لە:

a. دووری قوتابخانە لە شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابیان و زەحمەتی لە گەیشتنیاندا.

b. کەمتەرخەمی کارگێڕی قوتابخانە لە ئاگادارکردنەوەی خانەوادەی قوتابی لە کاتی دووبارەبوونەوەی نەهاتنی قوتابی.

c. پرۆگرامەکانی خوێندن وەڵامگۆی پێداویستییەکانی قوتابیان نین لەڕووی شارەزایی و تواناوە.

d. کەمی ژمارەی مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتیی و دەروونی.

e. کۆنی و بەسەرچوونی ئامرازەکانی فێرکردن کە ناگونجێن لەگەڵ داهێنان و پێشکەوتنەکانی سەردەمی ئێستا(ابو عسكر، 2005: 66).

f. گرتنەبەری چەند جۆرێکی سزای جەستەیی و دەروونی لەلایەن مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانە بە بیانووی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی خوێندن.

g. نەبوونی پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە کەسایەتی قوتابی دامەزرابێت.

h. لەئەنجامی کەمتەرخەمی کارگێڕی قوتابخانە لە ڕوونکردنەوەی گرنگی خوێندن لە پێناوی گەیشتن بە دوا ڕۆژێکی باش، قوتابی هەست دەکات کە بڕوانامە و خوێندنەکەی ناتوانن داهاتوێکی باشی بۆ دەستەبەر بکەن.

i. نەڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار و خۆش بۆ قوتابیان لە قوتابخانەدا، بەهۆی کەمی چالاکی جۆراوجۆری وەکو وەرزش و هونەر(الطويل، 2018: 10).

j. ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکی لە نێوان قوتابیاندا، بەهۆی بایەخدانی زیاتر بە قوتابییە زیرەکان، لە کاتێکدا ئەو قوتابیانەی کە توانستی فێربوون و زانستییان لاوازە کەمتر گوێیان لێدەگیرێت و لە کورسی دواوە دادەنرێن، ئەو قوتابیانەش کە سروشتێکی خۆپارێزی و دوورەپەرێزیان هەیە تێکەڵیان ناکەن بە قوتابیانی دیکە.

k. پێدانی ئەرکی زۆری ماڵەوە، قوتابی بێزار دەکات و ماوەی پشوودان و یاریکردنی کەم دەبێت، تاکو وای لێدێت هەست بکات بەردەوام لە کەشی خوێندندایە.

l. بەکارهێنانی شێوازی کۆن و کلاسیکی لەلایەن مامۆستایان و نەبەستنەوەی بە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی ڕۆژانە، وادەکات قوتابیان حەز و خولیایان بۆ خوێندن کەم بێتەوە(الناصر، 2014: 22).

m. نەشیاوی باڵەخانەی قوتابخانە، نالەباری ژینگە و پرۆگرام و ئامرازەکانی فێرکردن، بە تایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن.

n. بایەخنەدانی قوتابخانە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابی لەڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و ئابووری.

o. کەمی پێداویستییەکانی خوێندن و پەرتووک، وادەکات قوتابی نەتوانێت بە باشی وانەکانی کۆنترۆڵ بکات و سەرکەوتوو بێت(احمد، 2013: 51).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی دیکەی پشت دیاردەی وازهێنانە لە خوێندن(ACEV, 2006: 17)، کاتێک قوتابی ناتوانێت پەیوەندیەکی باش و دروست لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایان بونیاد بنێت، یاخود پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو قوتابیانە دەبەستێت کە خوێندن بە لایانەوە جێی بایەخ نییە. لاوازی پەیوەندی خانەوادە لەگەڵ قوتابخانە یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری هەیە لەسەر بەردەوامی قوتابی لە خوێندن. زۆری گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانەیەک بۆ قوتابخانەیەکی دیکە و بوونی جیاوازی سروشت و پێکهاتە و شێوازی خوێندن و وانە گووتنەوە لە قوتابخانەیەک بۆ یەکێکی دیکە(الناصر، 2014: 26). هەروەها هاوسەرگیری پێشوەختە، پەیوەندی سۆزداری و هەراسان کردن، کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی واز لە خوێندن دەهێنن(الحروب، 2013: 83).

ترسی خانەوادە لە هەندێ داب و نەریت و پەیوەندی سۆزداری زۆرجار دەبێتەهۆی ئەوەی بڕیار بدەن منداڵەکانیان لە خوێندن دەربهێنن، بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێ، بۆیە بەشێک لە توێژینەوەکان گەیشتوون بەو ئەنجامەی زۆرێک لەو کچانەی وازیان لە خوێندن هێناوە چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری پێشوەختە.

**4. هۆکارە ئابوورییەکان:** مەبەست لێی دۆخی ئابووری قوتابی و خێزانەکەیەتی بەو مانایەی لاوازی باری ئابووری گەورەترین بەربەستی سەرکەوتن و بەردەوامی قوتابیانە لە خوێندندا، چونکە خراپی باری دارایی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە لەدەستدانی دەرفەتی خوێندن، کەموکوڕی لە خۆراک و خواردنیان و خراپی شوێنی نیشتەجێبوون و نەبوونی جل و بەرگی گونجاو و پێداویستییەکانی خوێندن، ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن زیاد دەکات(برکان، 1991: 32).
توێژینەوەکان سەلماندویانە زۆربەی ئەو قوتابیانەی وازییان لە خوێندن هێناوە لەو خێزانانەن کە بارودۆخی ئابووریان خراپە، بەراورد بەو قوتابیانەی لەو خێزانانەن کە باری داراییان باشە(حبایب، 1997: 132). هەر بۆیە هەژاری زۆرجار ئارەزووی فێرخوازان بۆ خوێندن دەکوژێت، بە تایبەتیش

کاتێک هەوڵدان بۆ باش کردنی گوزەرانیان شوێنی بایەخدانیان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان دەگرێتەوە، ئەمە سەردەکێشێت بۆ وازهێنان لە خوێندن، هەندێکجار خودی قوتابییەکە خۆی دەگاتە ئەو بڕیارە و هەندێ جاریتریش خێزانەکان بە زۆر منداڵەکانیان ناچار دەکەن کار بکەن، لە پێناوی باشکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان(الخطیب، 1995: 7).

لە گرنگترین هۆکارە ئابوورییەکانی پەیوەست بە وازهێنان لە خوێندن بریتیین لە:

a. هەژاری و کەمی داهاتی خێزان، هۆکارێکی زۆر بەهێزە لە ساردبوونەوە و وازهێنانی قوتابی لە خوێندن، بەهۆی ئەوەی خانەوادە ناتوانێت پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات.

b. پێویستی خێزان بە کارکردنی قوتابی بەهۆی لەدەستدانی بەخێوکار.

c. کەمتوانایی لە دابینکردنی خەرجی ڕۆژانەی قوتابی، بەمەش قوتابی هەست بە کەمی دەکات بەرامبەر قوتابیانی دیکە و سارد دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و خۆشەویستی بۆ خوێندن نامێنێت.

d. کۆچکردنی باوکان بۆ شوێنی دوور بە مەبەستی کارکردن و دواکەوتنیان لە گەڕانەوە بۆ ماڵ، ئەمەش وادەکات چاودێری منداڵەکەی پێنەکرێت و پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانە لاواز بێت، بۆیە ئاگاداری ڕەوشی خوێندنی منداڵەکەی نابێت (الناصر، 2014: 21).

## ب. لێکەوتەکانی وازهێنان لە خوێندن

وازهێنان لە خوێندن بە فیرۆدانێکی گەورەی پەروەردەییە، کاریگەری نەرێنی زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەهۆی ئەوەی قەبارەی نەخوێندەواری و بێکاری و کەمی پسپۆڕی لێدەکەوێتەوە، سەرەڕای ئەوەش بونیادی ئابووری و وەبەرهێنان لەسەر ئاستی تاک و خێزان لاواز دەکات(**Uysal**, 2008: 148)، ڕاددەی پشت بەستن بە دەرەوە بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوەخۆ هەڵدەکشێت. هەروەها قەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک و لادانی هەرزەکاران، تاوان، دزی و دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی و موڵک وماڵیان زیاد دەکات(**Rumberger**, 1995: 611).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وازهێنان لە قوتابخانە پێش وادەی گونجاو و بەدەستهێنانی بڕوانامە و پسپۆڕی، دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە نێوان تاکەکە و شێوازی ژیانی داهاتووی، چونکە ئەوانەی لە خوێندن دادەبڕێن زۆربەیان دەبن بە کەسانی بێکار و کەم داهات. هەروەها هیچ جۆرە دەرفەتێکیشیان نابێ لە دەستڕاگەیشتن بە پلە و پۆستە باڵا و کاریگەرەکان. وێڕای ئەمەش لە دوای ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیریشدا منداڵەکانیان بەزەحمەت دەتوانن دەرفەتی باشی ژیان و چۆنایەتییەکی گونجاوی ژیان بەدەستبهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمی داهات و نزمبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری خانەوادەکە(**Dekkers & Claassen**، 27:2001).

لە ئەنجامی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی وازهێنان لە خوێندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە پێی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، چەندین شوێنەواری خراپ سەرهەڵدەدەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگەش:

1 . **کاریگەری وازهێنان لە خوێندن لەسەر قوتابی**، قوتابی یەکەم لایەنە کە زەرەرمەندی سەرەکییە لە وازهێنان لە خوێندن لەچەند ڕوویەکەوە:

a. وازهێنان لە خوێندن وادەکات قوتابی لە بەشێکی مافەکانی وەک منداڵ بێبەش بێت، لەبەرئەوەی کاتێک لە خوێندن دادەبڕێت بەزۆری لەم تەمەنە کەمەیان دەخرێنە بەر کار بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی و کچانیش دووچاری هاوسەرگیری پێشوەختە دەبنەوە.

b. بەر لە قۆناغی پێگەیشتوویی کاتێک قوتابی واز لە خوێندن دەهێنێت شارەزاییەکانی بە باشی پەیدا نەکردوون، توانای کارکردنیشی لاوازە، بەرهەم و دەستکەوتی کەم دەبێت، بۆیە قوتابییەکە بێبەش دەبێت لە بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕی شیاو، چونکە ناتوانێت دەرفەتی کاری گونجاو لە شوێنی شیاو بەدەستبهێنێت کە پەیوەستە بە بڕوانامە و پسپۆڕی.

c. قوتابیی دابڕاو دووچاری ناجێگیری دەروونی دەبێتەوە، ئەمەش وایلێدەکات هەست بە کەمی، قەلەقی، بێمتمانەیی بە خود و هەستیاری زێدە لە هەر ڕەخنەیەک بکات، چونکە تێدەگات کەمی رۆشنبیری دایدەبڕێت لە گونجان لەگەڵ بارودۆخی ژینگەی دەوروبەری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

d. قوتابییەکە لە داهاتوو بەدەست بێ بڕوانامەیی دەناڵێنێت بەتایبەت کاتێک دەبێتە باوک یان دایک. هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانی و ئاراستەکردنیان بۆ خوێندن، ئەمەش دووچاری دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی بەردەوامی دەکات(منظمة العمل الدولية، 1992).

e. وازهێنان لە خوێندن بەفیڕۆدانێکی زۆری کات و داراییە و دەبێتە مەترسی بۆ دواڕۆژی خۆی و کۆمەڵگە.

f. بایەخنەدان و ڕێزنەگرتنی کاتی لێدەکەوێتەوە، نەبوونی گیانی هاوکاری و کارکردنی بە گروپ و لاوازی هەستی بەرپرسیارێتی بۆ گەیشتن بە دەستکەوت و ئامانجەکانی، هەموو ئەمانەش بەهەدەردانێکی زۆری توانا مرۆیی و مادییەکانی بەدوا دادێت(القاضي، 1994: 4).

زانای تاواناسی "سزرلاند - **Edwin Sutherland** " گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە هەڵهاتن لە قوتابخانە زۆربەی جار لادانی لێدەکەوێتەوە بە تایبەتی دزی، ڕێژەی ئەوانەی وازیان لە خوێندن هێناوە لە نێوان هەندێ گروپی تاوانکاری گەیشتۆتە لە(60%)، لە (2021) تاوانبار کە توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە لە (40%)یان ئەوانەبوون کە پێشتر وازیان لە خوێندن هێناوە (ابراهیم، 1998: 54). هەروەها لە توێژینەوەیەکدا کە ناوەندی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیی لە ئەسکەندەریە ساڵی (1973) لەسەر تاوانی نەوجەوانان ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە ڕێژەی لە (54.5%)ـی نموونەی توێژینەوەکە ئەوانەبوون کە وازیان لە خوێندن هێناوە(غباري، 1998: 160).

لە هەرێمی کوردستانیشدا، توێژینەوەکەی(بیرداود، 2017: 220)، کە لە هەرسێ چاکسازی گەورانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک ئەنجامی داوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی لە (80.2%)ـی نموونەی توێژینەوەکەی کە هەڵستاون بە کاری لادەری و تاوان، ئەوانە بوون کە نەیانتوانیوە لە پرۆسەی پەروەردە بەردەوام بن و خوێندنیان تەواو نەکردووە، لە نێوان ئەمانەشدا ڕێژەی لە (67.3%)یان پابەند نەبوونە بە بنەما ئاکارییەکانی کۆمەڵگە و یاساکانی پەیوەست بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەوەش دەرکەوتووە ڕەفتارە تاوانکارییەکان لە نێوان ئەوانەدا زۆرتر بەربڵاوە کە نەخوێندەوار و ئاستی خوێندنیان نزمە.

2. **کاریگەری وازهێنان لە خوێندن لەسەر خێزان**: قوتابییەکە توانایەکی لاوازی دەبێت لە بەشداریکردن لە بونیادنانی کۆمەڵگەکەی، زۆربەی جاریش خێزانەکەی بەدەست دواکەوتووی و بێ پلانی دەناڵێنێت، هەربۆیە مامەڵە و پەیوەندیە خێزانیەکانیشی لەگەڵ گروپ و خانەوادەی هاوشێوە دەبێت، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی کەمی شارەزایی و لاوازی توانا پیشەییەکانی تەنها چەند دەرفەتێکی سنووورداری کارکردن و داهاتێکی دیاریکراوی دەبێت، بەمەش ناتوانێت پێداویستییە سەرەکیی و خۆشگوزەرانییەکانی خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی دەستەبەر بکات، لە ڕووی کۆمەلایەتیی و ڕۆشنبیری و دارایيش کەموکوڕی دەبێت، بەجۆرێک توانای خۆگونجانیان نابێت و ناتوانن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم هەڵبکەن، ئەمانەش زۆربەی کات دۆخێکی ناجێگیری خێزانی لێدەکەوێتەوە(درویش، 1990: 41).

بەشێکی زۆری ئەوانەی واز لە خوێندن دەهێنن و ناتوانن پێگە و پسپۆڕی دەستەبەر بکەن، لە دواڕۆژیاندا کاتێک خێزان دروست دەکەن و دەچنە ناو ژیانی هاوسەرگیری، دووچاری کێشە خێزانیە جۆراوجۆرەکان دەبنەوە، توانای چارەسەرکردنی گرفتە خێزانەکانیشیان لاواز دەبێت. هەروەها لە ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان بە شێوەیەکی زانستی و دروست سەرکەوتوو نابن.

3. **کاریگەری وازهێنان لە خوێندن لەسەر کۆمەڵگە:** لە گرنگترین کاریگەریەکانی وازهێنان لە خوێندن لەسەر کۆمەڵگە بریتیین لە:

a. زیادبوونی ڕێژەی نەخوێندەواری، بە تایبەتیش ئەگەر وازهێنانەکە لە ساڵەکانی سەرەتا ڕوویدات بەر لەوەی قوتابییەکە شارەزایی خوێندنەوە و نووسین پەیدا بکات، ئەمەش دەردێکی کوشندەیە دەبێتە بەربەست لەڕێی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە.

b. هەروەها ئەم دیاردەیە هۆکارە بۆ زیادبوونی بێکاری و کاتەکانی دەستبەتاڵی، بۆیە کۆمەڵگە توانا و شارەزایی و وزەیەکی زۆری ئەندامانی بەفیرۆ دەڕوات(الدویک، 1998: 217).

c. وازهێنان لە خوێندن زۆرجار ئینتیما و باوەڕی هاونیشتیمانی بەرامبەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لاواز دەکات.

d. کۆمەڵگە بێبەش دەبێت لە توانای پیشەیی و پسپۆڕی پێویست کە بنەمای گرنگن بۆ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک.

e. قوتابی دابڕاو ناتوانێت کارا و کاریگەر بێت لە بواری گەشەپێدانی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکەی.

f. ئەم دیاردەیە هۆکارە بۆ هەڵوەشانەوەی ناوخۆیی کە سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی ئابووری و یەکانگیری ڕۆشنبیری نێوان تاکەکانی یەک وڵات(خفاجة، 1997: 141).

g. بەشێکی ئەوانەی بەشدارن لە ڕەفتارە لادەرە تاوانکارییەکانی وەکو دزی و بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، ئەوانەن کە لە تەمەنێکی کەم و سەرەتایساڵەکانی خوێندن وازیان لە خوێندن هێناوە و ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازە و بەهۆی نەبوونی بڕوانامە و پسپۆڕی، نەیانتوانیوە دەرفەتی کاری گونجاویان دەستبکەوێت.

h. زیادبوونی ژمارەی منداڵانی سەر شەقام، کاتێک قوتابی واز لە خوێندن دەهێنێت چاودێری پێویستی خێزانەکەی لەسەر نابێت، بۆیە زۆرجار دەچێتە دەرەوە و لەسەر شەقام کار دەکات، لێرەوە دەرفەتی تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکانی لادەر و تاوانکار زیاتر دەبێت، لەشێوەی گرووپی دزی و لادەر دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە و ژیانی هاوڵاتیان.

i. بە هەدەرچوونی داهاتی گشتی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، چونکە ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردە دیاری دەکرێت(الناصر. 2014: 31).

j. وازهێنان لە خوێندن نەزانین و دواکەوتن بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەو داب و نەریتە باوانەی ڕێگرن لەبەردەم کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەردەوامی پێدەدات، وەکو(هاوسەرگیری پێشوەختە، دەسەڵاتی ڕەهای باوکسالاری)(فاشة و عدوان، 3:1997).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وازهێنان لە خوێندن سەرەڕای کاریگەری لەسەر خودی تاکەکە و خێزانەکەی، کۆمەڵگەش دووچاری گرفت و کێشەی زۆر دەکاتەوە، ڕێژەی تاوان و لادانەکان زیاد دەکات، بەمەش کۆنترۆڵ و ئاساییشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسی.

## چوارەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

لە توێژینەوەکە پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکردنەوەی لاوەکی **(Secondary Analysis)** بۆ خستنەڕووی داتای وەزارەتی پەروەردە و شیکردنەوەیان پەیوەست بە ئەو قوتابیانەی وازییان لە خوێندن هێناوە.

بەپێی داتای فەرمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی لە دیوانی وەزارەتەکە وەرمان گرتووە، داتای جێی سەرەنجی تێدایە سەبارەت بە ئەو قوتابیانەی بە درێژایی بیست ساڵ وازیان لە خوێندن هێناوە. لە ماوەی نێوان ساڵەکانی خوێندنی (1996 – 1997) تاکو ساڵی خوێندنی (2016 - 2017)، ژمارەی ئەوانەی تەنها لە قۆناغی بنەڕەتی وازیان لە خوێندن هێناوە نزیکە لە (400) هەزار قوتابی (و.پەروەردە، ب.ئامار: 2018).

وەک لە خشتەی(1)ـدا بەپێی پۆلەکانی خوێندن ژمارە و ڕێژەکانیان ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (1) تایبەتە بە ژمارە و ڕێژەی وازهێنانی قوتابیان لەخوێندن لەقۆناغی بنەڕەتی لە ماوەی نێوان ساڵەکانی خوێندنی (1996 – 1997) تاکو (2017 -2018)، لە هەرێمی کوردستان بەپێی پۆلەکانی خوێندن

| | ڕەگەز | | کۆی گشتی بەپێ ڕەگەز | % بەپێی پۆل |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | |
| پۆلی یەکەم | 22363 | 19019 | 41382 | %11 |
| پۆلی دووەم | 16842 | 14564 | 31406 | %8 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پۆلی سێیەم | 14910 | 13946 | 28856 | %7.5 |
| پۆلی چوارەم | 20328 | 16572 | 36900 | %9.5 |
| پۆلی پێنجەم | 26086 | 19648 | 45734 | %12 |
| پۆلی شەشەم | 20555 | 13966 | 34521 | %9 |
| پۆلی حەوتەم | 44478 | 19535 | 64013 | **%17** |
| پۆلی هەشتەم | 32445 | 14929 | 47374 | %13 |
| پۆلی نۆیەم | 32568 | 16040 | 48608 | %13 |
| کۆی گشتی بە پێی پۆل | 230575 | 148219 | **378794** | **%100** |
| %بەپێی ڕەگەز | **%60.8** | **%39.2** | %100 | |

وەک لە خشتەی (1)ـدا هاتووە ڕەگەزی نێر لە (%60.8)ـی ئەو قوتابیانە پێکدێنن کە لە وازیان لە خوێندن هێناوە لە نێوان ساڵانی خوێندنی(1997-1996 تاکو 2018-2017)، لەبەرامبەردا ڕێژەی ئەو قوتابیانەی لە ڕەگەزی مێ وازیان لە خوێندن هێناوە لە (%39.2)ـە، لە هەمان ساڵەکانی خوێندن. هەروەها ئەو قوتابیانەی هەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنیاندا دوای پەیوەندیکردنیان بە خوێندن، وازیان لە خوێندن هێناوە، ڕێژەی لە (%11)ـی کۆی گشتی وازهێنانەکە پێکدەهێنن، وەک لە ژمارەکەش دەردەکەوێت ژمارەی ئەو کچانەی لە پۆلی یەکەمی خوێندن وازیان هێناوە ژمارەیان لە قوتابیانی کوڕ زیاترە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی ئەو منداڵانەشی تێدا تۆمار نەکراوە کە لە تەمەنی یاسایی پەیوەندییان بە خوێندنەوە نەکردووە (و.پەروەردە، ب.ئامار: 2018).

لە کۆی نۆ پۆلی بازنەی خوێندنی بنەڕەتی، تەنها لە پۆلی یەکەم قوتابیانی کچ زیاتر لە کوڕان وازیان لە خوێندن هێناوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە دە ساڵی یەکەم کە ئەم ئامارە ئاماژەی پێدەدات، کوردستان بە ڕووی جیهان نەکرابووەوە و خێزانەکان بەهۆی هەندێ تێڕوانین و داب و نەریت، ناردنی کچانیان بۆ بەرخوێندن بە پێویست نەدەزانی و وەک نەنگیەکی کۆمەڵایەتیش دەبیندرا، بۆیە ڕێژەی ناردنی کچان بۆ خوێندن لە پێشتردا کەمتر بووە.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە پۆلی دووەم، ڕێژەی لە (8%)ی کۆی گشتی ئەو قوتابیانە پێکدەهێنێت کە وازیان لە خوێندن هێناوە، بەڵام بە پێچەوانەی پۆلی یەکەم، ژمارەی قوتابیانی کوڕ بەراورد بە قوتابیانی کچ زیاترە، پۆلی سێیەم، لە (7.5%)، پۆلی چوارەم، (9.5%)، لە پۆلی پێنجەم ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ لە (12%)، پۆلی شەشەم لە (9%)، پۆلی حەوتەم بەرزترین ڕێژەی وازهێنانی قوتابیان تۆمار دەکات دەگاتە لە (17%)، ئەوەی جێی تێڕامانە قوتابی کە دەگاتە ئەم قۆناغەی خوێندن، باڵەخانەی قوتابخانەکەی دەگۆڕێت و زۆربەی قوتابخانەکان تەنها شەش پۆلی سەرەتا لەخۆ دەگرن، ئەم جێگۆڕکێیە و نەبوونی قۆناغی دواتر لە هەندێک شوێن هۆکارێکە بۆ وازهێنان لە خوێندن، لەگەڵ ئەمەشدا تەمەنی قوتابی دەگاتە سەرووی 12 ساڵی و دەچێتە نێو قۆناغی هەرزەکاری، لەم تەمەنە گەشەیەکی خێرای جەستەیی دروست دەبێت و گۆڕانکاری بەرچاو ڕوو دەدەن، بەتایبەت لە ڕەگەزی مێدا. بۆیە مەترسی لە دروستبوونی پەیوەندی سۆزداری بەشێکی زۆری خێزانە نەریتپارێزەکان هان دەدات منداڵەکانیان بە تایبەت کچان لە خوێندن دەربهێنن، بۆ کوڕانیش لەم تەمەنەوە دەتوانن هەندێک کاری دیاریکراو ئەنجام بدەن و داهاتێکی ئابووری بەدەستبهێنن، بۆیە ئەم دوو هۆکارە زۆرترین ڕۆڵیان هەیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن.

لە پۆلی هەشتەمدا ڕێژەکە دێتەوە لە (13%) و لە پۆلی نۆیەم ڕێژەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە هەرچەندە لە ژمارە کەمێک زیاد دەکات، بەڵام لە ڕێژە بەهۆی ئەوەی ژمارەکە هێندە بەرز نییە گۆڕانی بەسەردا بێت(13%).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی 1 جیاوزی وازهێنان لە خوێندن، لە ماوەی بیست و دوو ساڵی خوێندن (1996 – 1997) تاکو (2017 - 2018) لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەگەز پیشان دەدات




لە شێوەی(1)دا هێلکاری ڕەوشی وازهێنان لە خوێندن لە ماوەی نێوان بیست و دوو ساڵی خوێندن لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات، لە ساڵی خوێندنی (1996 - 1997)دا ڕێژەکە بە بەرزی دەستپێدەکات و دواتر ساڵ دوای ساڵ دادەکشێت. وەک دەزانین بارودۆخی سیاسیی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو ناجێگیر و قەیراناوی بوو، ئەوەش بەهۆی بوونی شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق بە کوردستانیشەوە، هەروەها سەرهەڵدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاردەی چەکداری و کۆچکردنی گەنجان بۆ وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ئاوارەبوون لە شارێک بۆ شارێکی دیکە. کەچی دوای وەستانی شەڕی ناوخۆ و بڕیاری (986)ی تایبەت بە نەوت بەرامبەر خۆراک، کە لە ڕێگەی وەکیلەکانی خۆراک مانگانە بڕێک لە پێداویستی خواردەمەنی بەسەر خێزانەکانی عێڕاق دابەش دەکرا، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە کەمکردنەوەی فشاری هەژاری و کەم داهاتی لەسەر خێزانەکان، بۆیە دەبینین ساڵ دوای ساڵ ڕێژەکە نزم دەبێتەوە تا دەگاتە ساڵی خوێندنی(2002 - 2003)، لەم ساڵەدا دیسانەوە عێڕاق و کوردستان بە ڕووداوێکی گرنگ تێدەپەڕن ئەویش هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر عێڕاق بە مەبەستی لەناوبردنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی، بۆیە دۆخی ئابووری و سیاسیی دیسان دووچاری شڵەژان بووەوە و لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن بەرز دەبێتەوە. واتە لەگەڵ قەیرانەکان بەرز دەبێتەوە.

پاشان لە ساڵی خوێندنی(2003 - 2004) ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن دادەبەزێت ،، بەڵام ساڵی دواتر دیسان ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە لە ساڵەکانی (2008 – 2007) بۆ ماوەی سێ ساڵ ژمارەکان کەم دەکەن و ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن دادەبەزن. پاشان دیسان ژمارەکە دەست دەکات بە بەرزبوونەوە، تاکو ساڵی خوێندنی (2013 - 2014)، لەم ساڵەدا بارودۆخی عێراق و کوردستان دیسان لە ڕووی ئابووری سیاسی ناهەمواری بەخۆیەوە دەبینێت ئەویش بەهۆی بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێڕاقیەوە کە دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی خستە دۆخێکی نالەبار. لەگەڵ ئەمەشدا دۆخی سیاسی نەخوازراو ڕوودەدات بە هاتنی گروپی تیرۆریستی داعش و سەرهەڵدانی شەڕێکی قورسی چەند ساڵە و دابەزینی نرخی نەوت کە ئابووری هەرێمی کوردستان بەتەواوی پشتی پێدەبەستێت، سەرەڕای هاتنی شەپۆلێکی بەرفراوانی ئاوارە و پەنابەر لە ناوخۆی عێڕاق و وڵاتی سوریاوە. ئەوەی جێی سەرنجە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابووری ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەیرانی دارایی گەیشتە ڕادەیەک چەندین مووچەی فەرمانبەر و مامۆستایان پاشەکەوت بکرێن و نەدرێن، هەروەها ئەو برە موچەیەی دەدرا بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمکرابووەوە، کە لە نێوان 15% بۆ 75%ـی مووچەکان دەبڕان، تەنانەت ئەم مووچە براوانەش نزیکەی پەنجا ڕۆژ جارێک دابەش دەکرا، ئەمەش دۆخێکی زۆر سەختی هێنابووە ئارا، کە بەشێک لە خێزانەکان نەیان دەتوانی تێچووی خوێندنی منداڵەکانیان دابین بکەن، هەندێکیتر لە خێزانەکان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان منداڵەکانیان بۆ کارکردن لە خوێندن دەردەهێنا بە تایبەت کوڕان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پڕۆسەی پەروەردەش کوالێتیەکەی هێندە دابەزی بوو لە بەشێک لە قوتابخانەکان دەوام ڕادەگیرا و لە بەشەکەی دیکە دەوامێکی پچرپچڕ دەکرا کە خولیا و حەزی قوتابیانی بۆ خوێندن زۆر کەم کردبووەوە.

وەک دەرکەوتووە لە ساڵی یەکەمی قەیرانەکە وازهێنان کەمتر بووە، لەکاتێکدا لە ساڵەکانی دواتر کە قەیرانەکە قوڵ بۆتەوە، وازهێنان لە خوێندن ساڵ دوای ساڵ ڕێژەکەی بەرز بۆتەوە، بەجۆرێک لە ساڵی خوێندنی (2015 – 2016) بەرزترین ئاست تۆمار دەکات. تاکو ساڵی (2017) کە سەرەتاکانی کەم بوونەوەی قەیرانەکە دەرکەوتووە و شەڕی داعش بەرەو نەمان دەڕوات و جێگیربوونی بارودۆخی سیاسی ئاسۆکانی دەردەکەون، ڕێژەکە دەست دەکاتەوە بە داکشان، بەڵام وەک دیارە هێشتا ڕێژەکە لە سەرەتای ساڵەکانی قەیران و پێش قەیرانەکە زۆر بەرزترە، بەڵام لە ساڵی خوێندنی (2017-2018)ـدا ژمارەی ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە تەواو دێتە خوارەوە بە جۆرێک لە سەرەتای ساڵەکانی ئامارەکەش زیاتر دادەبەزێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاریگەری قەیرانێکی لەم جۆرە بۆ چەندین ساڵی دواتریش درێژ دەبێتەوە، بە تایبەتیش لەسەر پڕۆسەی پەروەردە و کەرتی خوێندن.

## پێنجەم: ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

### ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە میانەی توێژینەوەی هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتی، گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک، لە گرنگترین ئەنجامەکان:

1. ڕێژەی وازهێنانی ڕەگەزی نێر زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (الربيعي، ماجد الزيدان: 2006)، (حاج احمد، عادل علي صديق: 2013) و توێژینەوەی (ئیدۆنا بیگۆ: 2014) یەکدەگرێتەوە.
2. هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکی یەکەمیان هۆکارە کەسییەکان، وەک هۆکارە دەروونیەکان، هۆکارە جەستەییەکان و ئەقڵییەکان. دووەم هۆکارە دەرەکییەکان، وەک هۆکارە خێزانییەکان، هۆکارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارە ئابوورییەکان دەگرێتەوە، (توێژینەوەی مودیمب: 2013)، حاج احمد، عادل علي صديق: 2013) و توێژینەوەی (ئیدۆنا بیگۆ: 2014) یەکدەگرێتەوە.
3. داتاکانیش ڕوونیان کردەوە ئەو ساڵانەی دۆخی ئابووری خراپ بووە و قەیرانی دارایی هەبووە، ژمارەی ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە بەرز بۆتەوە، بە پێچەوانەوە لەم ساڵانەی دۆخی سیاسیی و ئابووری جێگیر بووە یان قەیرانی ئابووری کەم بۆتەوە، ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنیش دابەزیوە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (الربيعي، ماجد الزيدان: 2006)، (ئیدۆنا بیگۆ: 2014) یەکدەگرێتەوە.
4. خێزانی قوتابی یەکێکە لەو لایەنانەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری وازهێنان لە خوێندن، جا چ ئەو کاتەی قوتابییەکە وازدەهێنێت، یاخود دواتر کە خۆی دەچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و خێزان دروست دەکات.
5. بە گشتی کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە نەرێنیەکانی وازهێنان لە خوێندن، چەندین جۆری تاوان و لادان سەرهەڵدەدەن، ئەمەش دواجار کۆمەڵگە بەرەو دواکەوتن و قەیران دەبات.

### پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

1 . وەزارەتی پەروەردە لە رێگەی بەرێوەبەرایەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی، هەڵسێت بە بەدواداچوونی پێویست بۆ زانینی هۆکارەکانی وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن، بۆ ئەوەی پلانی پێویستی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیانی دابڕاو.

2 . وەزارەتی پەروەردە پلانێکی ورد و تۆکمە دابرێژێت بۆ رێگری کردن لە وازهێنان لە خوێندن بە تایبەتی لە بازنەی یەکەمی خوێندن کە خوێندن بەپێی یاسا تێیدا ئیلزامییە.

3 . زیاتر کردنی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە خوێندنی خێرا پەیرەو دەکەن و دەرفەت بۆ دووبارە گەڕانەوەی قوتابییەکان دەرەخسێنێت.

### راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

1 . کاریگەری وازهێنان لە خوێندن لەسەر بەرزبوونەوەی رێژەی لادان و تاوان.

2 . کاریگەری نەرێنی وازهێنان لە خوێندن لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگەدا.

3 . کارکردنی منداڵان و پەیوەندی بە وازهێنان لە خوێندنەوە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:

1 . وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەدەیی، بەرێوەبەرایەتی ئامار (2018).

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

2 . أبو جلالة ، صبحي. العبادي ، محمد حميدان (2001) أصول التربية بين الأصالة و المعاصرة، الكويت: مكتبة الفلاح للنشرة التوزيع.
3 . ابو عسكر، محمد فؤاد سعيد (2005)، دور الادارة المدرسية في مدارس البنات الثانوية في مواجهة ظاهرة التسرب، رسالة الماجستير، غير منشورة، جامعة غزة.
4 . ابوصايمة، عايدة عبدالله (1995) القلق والتحصيل الدراسي، عمان: المركز العربي للخدمات الطلابية.
5 . احمد، عادل علي صديق حاج (2013) اسباب التسرب الدراسي لتلاميذ مرحلة التعليم الاساسي، رسالة ماجستير في التربية "غير منشور"، جامعة شندي، كلية الدراسات العليا.

6. باتلر، جوديث (2016) الجنس والجندر في الجنس الآخر لسميون دى بوفوار، ترجمة: لجين اليماني، مراجعة: احمد العوفي، بۆ زانیاری زیاتر سەیری https://nthar.net/ بکە.

7. بركان، محمد ارزقي (1991)، التسرب المدرسي_عوامل، نتائجه وطرق علاجه، مجلة الرواتب، عدد 3، جامعة باتنة، الجزائر.

8. بن عيسى، رابح (2016)، عمالة الاطفال وعلاقتها بالتسرب المدرسي، دراسة ميدانية، اطروحة دكتوراه في قسم علم الاجتماع، كلية لاداب، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر.

9. بيرداود، زانا أحمد (2017)، علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الاجرامي، دراسة ميدانية في اقليم كوردستان - العراق، أطروحة الدكتوراه، غير منشوره، جامعة صلاح، اربيل.

10. بيتر، رودولف (2002)، دراسات في علم النفس، ترجمة مصطفى زيدان، القاهرة: دار النهضة العربية.

11. حبايب، علي حسن (1997)، ظاهرة التسرب المدرسي في شمال الضفة الغربية، غزة.

12. الحروب، آنيس (2013)، اسباب ظاهرة التسرب المدرسي في مخيمات اللاجئين الفلسطين في لبنان وسبل تغلب عليها، مجلة الطفولة العربية، عدد(57)، 79 – 110، لبنان.

13. حمدان، محمد زياد (2001) المدرسة والادارة المدرسية، عمان: دار التربية الحديثة.

14. الخطيب، عامر (1995)، اصول التربية، مطبوعة بغداد، غزة.

15. خفاجة، محمد توفيق (1997)، التسرب في التعليم العام، المرحلة الابتدائية، دار المقارنة للنشر والتوزيع، جدة.

16. الخليفة، محمد العربي وليد (1989)، المهام الحضارية للمدرسة والجامعة الجزائرية، ديوان المطبوعات، الجزائر.

17. الدائم، عبدالله (1983)، التخطيط التربوي، دار العصم للملايين، لبنان.

18. درويش، مصطفى (1990)، انعكاسات ظاهرة التسرب على الطفل والمدرسة والمجتمع، مجلة التربية، ج(2)، ع(6)، (48 - 82) جامعة اسيوط، مصر.

19. الدويک، تيسير (1998)، اسس الادارة المدرسية والتربوية والاشراف التربوي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

20. الربيعي، ماجد زيدان (2006) "ظاهرة التسرب من التعليم الابتدائي الاسباب والاثار والمعالجات" بحث صادر بمساعدة منظمة الامم المتحدة للطفولة(اليونسيف).

21. زهران، حامد عبدالسلام (1988)، التوجيه والارشاد النفسي، عالم الكتب، القاهرة.

22. السامالوطى، نبيل (1980) التنظيم المدرسي والبحث التربوي، جدة: دار الشرق.

23. الطويل، هيلة ابراهيم (2018)، الغيب والتسرب من المدرسة اسبابه و طرق علاجه، القاهرة.

24. عبداللطيف، مدحت عبدالحميد (1990)، الصحة النفسية والتفوق الدراسي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

25. على، سعيد اسماعيل، (1979) عن التعليم في المملكة العربية السعودية، القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر.

26. غباري، محمد سلامة محمد (1998)، الانحراف الاجتماعي ورعاية المنحرفين، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

27. الغريب، رمزية (1998)، التعليم دراسة تفسيرية توجيهية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

28. فاشة، ڤيوليت، وعدوان، سامي (1997)، ظاهرة تسرب الطلبة من المدارس الفلسطينية، الادارة العامة للتخطيط والدراسات والتطوير التربوي، وزارة التربية والتعليم، فلسطين.

29. فهمي، سيف الدين، (1971) اقتصاديات التسرب، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، جامعة الدول العربية.

30. القاضي، وائل (1994)، اثر ظاهرة التسرب في المدارس الحكومية على ازدياد نسبة الامية في الاراضي الفلسطينية المحتلة خلال الفترة الزمنية(1993/1987) مؤتمر حول الامية وتعليم الكبار جامعة النجاح الوطنية، نابلس.
31. قريشي، محمد (2013)، القلق والتحصيل لدى تلاميذ المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير، جامعة ورقلة، ورقلة، الجزائر.
32. محمد، احمد علي الحاج (2017) علم الاجتماع التربوي المعاصر،ط٣، عمان: دار المسيرة.
33. منظمة العمل الدولية (1992)، البرنامج الدولي للقضاء على العمل الاطفال (ابيك IPEC).
34. ناصر ، إبراهيم (1989)، أسس التربية،عمان: دار عمار.
35. الناصر، عبدالله سهو (2014)، التسرب من التعليم طريقة المفتوحة نحو عمل الاطفال، عمان.
36. الوريكات، محمد عبدالله (2009)، اصول علمي الاجرام والعقاب، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.
37. الياسري، عبد زيد (2010) ظاهرة الرسوب والتسرب في مراحل التعليم العام ودور شبكة الحماية الاجتماعية الجديدة في الحد منها. مجلة كلية التربية الآساسية، العدد السادس والستون، ص 351 – 376.

**English Refrences:**

38. AÇEV, (2006). Drop out of primary school in Turkey and its being followed with policies aimed preventing, İstanbul.
39. Crestea, S. (2000). Dictionary of pedagogy, Litera International Publishing House, Bucharest.
40. De Beauvoir, Simone (2010). the Second Sex, Vintage Books, New York.
41. Mau, Wie-Cheng. (1995). Educational planning and academic achievement of middle school students: A racial and cultural comparison. Journal for Counseling & Development, 73(5), 518-526.
42. Mudemb, Eric Vincent (2013). Causes of Dropout among Boys and Girls from Secondary Schools in Ugenya District, Siaya Country, Kenya.
43. Papalia, D.E. and olds, S.W., (1998) Human Development, Boston, McGraw Hill.
44. Rumberger, R.W. (1995). Dropping out of middle school: A multilevel analysis of students and schools. American Educational Research Journal, 32(3), 583-625.
45. Seka, Ondere Janet (2012). A Study on Cause of Dropout Among Girls in Selected Mixed Day Secondary in Kasarani District, Nairobi Country, Kenya.
46. Uysal, A. (2008). Debates on school dropouts: Structural factors, Milli Eğitim Dergisi, 178, 139-150, Ankara.
47. Begu, Edona (2014) . Female School Dropout: Gender Difference in Students’ School Retention, Thesis, and Rochester Institute of Technology. Accessed from American University in Kosovo.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

48. Blakemore, A. E; Low, S. A. (1984). The high school dropout decision and its wage consequences IN Economics of education review, V. 3, N. 2.PP 747 – 807.
49. Dekkers, Hetty; Claassen, Adrie (2001). Dropouts – disadvantaged by definition? A Trudy of the perspective of very early school leavers IN Studies in educational evaluation
50. Mudemb, Eric Vincent (2010). Cause off Dropout Boys and Girls From Secondary Schools Ugenya District, Siaya Country, Kenya, A Research Project of a Degree of Master.
51. Rumberger, R. W. (2001). Why students drop out of school and what can be done, USA; University of California.

## ملخص:

ان الهدف من هذا البحث هو معرفة عوامل ترک المدرسة، وآثاره على الطالب، والعائلة والمجتمع. كذلك ربطه بالنوع الاجتماعي عن طريق توضيح معرفة معدل الاختلافات و تشابه الاسباب والاثار. وذلک بحسب العنصرين؛ الذكر والانثى، في اطار عملية التربية في اقليم كوردستان _العراق.
في هذا البحث تم الاعتماد على منهج التحليل الثانوي لعرض احصائيات وزارة التربية فيما يتعلق بالطلاب الذين تركوا التعليم، لقد توصل البحث الى عدد من النتائج ومن اهمها: ان عوامل واسباب ترک الدراسة تنقسم الى نوعين اساسيين؛ اولهما العوامل الذاتية مثل، العوامل النفسية البايولوجية(الجسمية) والعقلية. اما الثاني هي العوامل الخارجية مثل، العوامل الاجتماعية، والاقتصادية، والاسرية وكذلک العوامل المتعلقة بالمدرسة.
ان البيانات الاحصائية قد بينت لنا ان السنوات(2014 -2017) التي كانت الاوضاع الاقتصادية في كوردستان سيئة والمجتمع مر بازمة مالية، رفع نسبة الطلاب الذين تركو الدراسة، كذلک تبين ان نسبة الذكور في ترک المدرسة كانت مضاعفة مقارنة بالاناث.

# The Factors of School Dropout in a Relationship with Gender

## Descriptive Analytical Research

**Saeed M Ameen Saeed**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sahidhamadamin44@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Izaddin Abdulsamad Rasool**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Izaddin.rasool@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Dr. Zana Ahmad Perdawd**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zana.perdawd@su.edu.krd

## Abstract

This study aims to identify the causes of the student's dropout in education and it is impact on the students, Families and societies. In addition, associating it with the gender by indicating the similarities and differences of causes and reasons behind the increased number of male and female dropout in the education sector of Kurdistan Region. The study is based on a quantitutiv research methodology, using a secondary data in the ministry of education of Kurdistan Region on the student's dropout.

The study mainly fourd that: the causes of student's dropout, which it can be attributed to two main reasons. First reasons related to the student's personal problems such as psychological, physical or mental problems. Second reasons related to the schools, society or economic problems.

**Keywords**: Dropout, Students, Schools, Gender and Gender Identity.